https://doi.org/10.26682/hjuod.2023.26.1.5
گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا: 26، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 64-78، 2023

# دۆخی کشتوکاڵ و زەوی و زار لە ئاکرێ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا1842-1918 ز

**شڤان ئیسلام عەلی و کامەران موحەمەد حاجی**
پشکا مێژوو، کولیژا ئادابێ، زانکویا سەلاحەددین، هەرێما کوردستانێ-عیراق

***((مێژوویا وەرگرتنا ڤەکولینی: 2 چریا دووێ، 2022، مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤکرنێ: 17 کانوونا ئێکێ، 2023))***

## پوختە

**زۆربەی لێکۆڵینەوەکان کە لە سەر ناوچەی ئاکرێ نووسراون زیاتر لایەنەکانی سیاسی و کارگێڕی و سەربازی دەگرێتەوە, لە کاتێکدا بوارە گرنگەکانی دیکەی ژیان فەرامۆش کراون، بە تایبەتی لایەنی ئابووری و لە نێویشیدا بواری کشتوکاڵ و زەوری و زار، کە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ژیانی مروڤدا هەیە, سەرەڕای ئەمەش لەچاو لایەنەکانی دیکەی ژیان کەمتر بایەخی پێ دراوە, بۆیە پێمان باش بوو لەسەر ئەم بابەتە بنووسین. ئامانجی سەرەکیشمان ئەوەیە کە بەم لێکۆڵینەوە لایەنێکی ژیانی ئابووری ئاکرێ, لە قوناغێکی مێژووییدا کە سەر دەمی عوسمانیەکانە(١٨٤٢-١٩١٨ز), بهێنینە بەرچاوان و وێنای بکەین.**

**ئەم لێکولینەوەیە لە پێشەکیەک و سێ تەوەر پێک هاتووە، لە تەوەری یەکەمدا بە کورتی تیشک خراوەتە سەر پەیدابوونی کشتوکاڵ لە کوردستان و دواتر باس لە رەوشی کشتوکاڵ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و پاشان باس لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و خاوەنداریەتی زەوی کراوە. لە تەوەری دووەمدا باس لە جۆرەکانی زەوی کراوە لە سەردەمی عوسمانیدا لە ناوچەی ئاکرێ، هەوەرها لە تەوەرەی سێیەمدا تیشک خراوتە سەر ئەو بەروبوومە کشتوکاڵیانەی کە لە ناوچەی ئاکرێ دەچێنران و دواتر باس لە هەبوونی بانکی کشتوکاڵی دەکەین لە ئاکرێ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا.**

***کلیلی توێژینەوە:*** ئابووری، کشتوکاڵ، زەوی و زار، ئاکرێ، دەوڵەتی عوسمانی.

## پێشەکی

ئاکرێ وەک زۆرێک لە ناوچەکانی تری کوردستان خاوەن بەختێکی باش نەبووە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا, لەگەڵ ئەوەشدا ئاکرێ لە ناوچە هەرە دێرینەکانی کوردستانە, هەروەها زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ئەم ناوچەیە ئەنجامدراون، زیاتر لایەنەکانی سیاسی و کارگێڕی و سەربازی دەگرێتەوە, لە کاتێکدا بوارە گرنگەکانی تری ژیان فەرامۆش کراون، لەوانە لایەنی ئابووری، بەتایبەتی بواری کشتوکاڵ و زەوری و زار، کە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و بەهێزیان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکییەوە هەیە. سەرەڕای ئەمەش کەمتر لە چاو لایەنەکانی تری ژیان بایەخی پێ دراوە, بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم بابەتە بەناونیشانی(دۆخی کشتوکاڵ و زەوی و زار لە ئاکرێ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا 1842-1918ز) وەکو بابەتی لێکۆڵینەوە هەڵبژێرین. ئامانجی سەرەکیشمان ئەوەیە کە بەم لێکۆڵینەوە لایەنێکی ژیانی ئابووری ئاکرێ, لە قوناغێکی مێژوویی گرنگدا کە سەردەمی عوسمانییەکانە(١٨٤٢-١٩١٨ز), بخەینە روو، چونکە لەسالانی ١٨٤٢-١٩١٨ز بە سەردەمی حوکمرانی راستەوخۆی عوسمانیەکان دادەنرێت لە بادیناندا.

هەڵبژادنی ئەم بابەتە هەر لە سۆنگەی ئەوە بووە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، کە کەمتر نییە لە بوارەکانی تری ژیان، هەروەها لە لێکولینەوە زانستییەکاندا تا ئێستاش بە ڕادەی پێویست بایەخی پێ نەدراوە، بۆیە بە پێویستمانزانی لە سەر ئەم بابەتە بنووسین.

لەکاتی ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا رووبەڕووی چەند گرفتێک بووینەوە، گرنگترینیان بریتی بوو لە کەمی زانیاری و سەرچاوە لە سەر ئەم بابەتە، چونکە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە بە دوای وردەکاری هەندێک لە شتە بێ بایەخەکاندا دەچوو، لە کاتێکدا باسی بارودوخی دارایی و ئابووری فەرامۆش کردبوو، کە ئەمەش کاریگەری کردووە لە سەر لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو بوارە لەم سەردەمەدا، هەوەرها لە لایەکی ترەوە هەرچەندە بەدەستخستنی بەڵگەنامەی عوسمانی کارێکی ئاسانە بەڵام بەدەستخستنی بەڵگەنامەی تایبەت بە بابەتەکە کارێکی ئاسان نەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێرانی بۆ سەر زمانی کوردی تا رادەیەک زەحمەتە، چونکە کەسانی شارەزاو تایبەتمەندی پێویستە بۆ وەرگێرانی ئەم بەڵگەنامانە و



kamaran.haji@su.edu.krd Shivanislamali@gmail.com

هەروەها كەمی و دەگمەنی سەرچاوەی رەسەن كە تايبەت بێت بەم بابەتە لە گرفتەكانی تری بەردەم ئەم لێكۆڵینەوەیە بووە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەكی زانستی بە پشت بەستن بە ڕێبازی لێكۆڵینەوەی مێژوویی كار لە بابەتەكەدا بكرێت، كە پێكهاتووە لە پێشەكیەک و سێ تەوەری سەرەكی، سەبارەت بە تەوەری یەكەم كە بە كورتی سەرنجی خراوتە سەر پەیدابوونی كشتوكاڵ لە كوردستان و پاشان تیشک خراوتە سەر رەوشی كشتوكاڵ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و سیستەمی دەرەبەگایەتی و خاوەنداریەتی زەوی. هەروەها لە تەوەری دووەمدا زیاتر تیشک خراوتە سەر جۆرەكانی زەوی لە سەردەمی عوسمانیدا لە ناوچەی ئاكرێ، كە زەوی میری و خەواسی هومایۆن و مەوقوفەكان(وەقف) لە گرنگترین ئەو جۆرە زەویانە بوونە كە لە ناوچەی ئاكرێ هەبوونە، تەوەرەی سێیەمیش تايبەتە بەو بەروبوومە كشتوكاڵیانەی كە لە ناوچەی ئاكرێ دەچێنران و لە كوتایی لێكوڵینەوەكەدا باس لە هەبوونی بانكی كشتوكاڵی كراوە لە ئاكرێ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا.

بۆ ئامادەكردنی ئەم لێكوڵینەوەیە پشتمان بە چەند سەرچاوەیەک بەستووە لەوانە بەڵگەنامە بڵاونەكراوەكانی عوسمانییە لە ئەرشیفی دەوڵەتی توركیادا، ساڵنامەكانی عوسمانی و چەندین پەرتووک و گۆڤاریش تێدا بەكارهاتوون.

## یەكەم/ كشتوكاڵ و زەوی وزار لە كوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا

لە بەر ئەوەی كوردستان لەلایەن هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران داگیركرابوو لە سەدەی شازدەدا، هەردووكیشیان لە ڕووی ئابووری و كومەڵایەتی و كارگێرییەوە دواكەوتوو بوون، بۆیە هیچ كارێكی ئەوتۆیان بۆ گۆڕان و پێشكەوتنی ئابووری لە كوردستان نەكرد. كشتوكاڵ[1] شادەماری ئابووری كوردستانە، پاش ئەوەش بە خێوكردنی مەڕوماڵات و بازرگانی دێت[2]. باروِدۆخی كوردستان بە شێوەیەكی گشتی لەم كاتەدا زیاتر پشتی بە بەروبوومە كشتوكاڵییەكان دەبەست، كشتوكاڵیش لە لایەن رژێمی دەرەبەگایەتی و هۆزایەتییەوە بەڕێوە دەچوو، هەربۆیە دەرەبەگەكان لە سەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیان بێ ئاوڕدانەوە لە جووتیارانی كوردستان دەستیان بەسەر زەوی و داهاتی كشتوكاڵی و سەرچاوە ئاوییەكانی ناوچەكەدا گرتبوو، پەیوەندی دەرەبەگایەتیش زیاتر ببووە هۆی ئەوەی كە كۆسپێكی گەورە بێت لە رێگای گەشەكردنی ئابووری وڵاتدا [3].

لەكاتێكدا كە سیستەمی زەوی و كشتوكاڵ لە دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ پاڵپشتی هێزی سەربازی و دابینكردنی بژێوی فەرمانبەرانی مەدەنی بووە، هەروەها لە سەردەمی عوسمانییەكاندا دەوڵەت خاوەنی تەواوی زەوییەكانی ئەمیرییە(میری) بوو، بە شێوەیەكی رەها دەسەڵاتی بە سەردا رادەنان، كە هەندێكی بە ژمارە یەك لەو فەرمانبەر و ئەو سەربازانە بوون كە ئەوانەش زەعامەت و تیمار و سەنجەق بوون كە دەوڵەت پێیان درابوو. ئەگەر ئەو بەخشینە بۆ چینە ناوبراوەكان بۆ ئەوە نەبووبێ دای بچێنن، بۆ ئەوە بووە پشك و باجیان لێوەربگرن، سەرەڕای ئەمانە دەوڵەتی عوسمانی بۆ هەندێ لە سەرباز و فەرمانبەرانی گەورەی دەوڵەت پارچە زەوی گەورەی بەخشیبوو، باج و سەرانەیان لەو كەسانە وەردەگرت كە زەوییەكانیان دادەچاند. دیارە خاوەنی ئەو كەرتە كشتوكاڵییە لە بری ئەوە ئەركی ئەوەی لەسەرشان بوو كە بەشداری لە جەنگەكاندا بكات و تەواوی پێداویستییەكانی جەنگیی ئامادە بكات، كە خۆی لە دابینكردنی تەواوی كەرەستەی جەنگی تەواو و سوارەكاندا دەبینییەوە [4].

لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی پشتی بە سیستەمی دەرەبەگایەتی دەبەست، هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ میر و سەردارانی كورد لە سەر بنەمای ئەو سیستەمە رێكخست، لەگەڵ رەچاوكردنی هەلومەرجی تایبەتی كوردستان. ئەوەبوو هەریەكە لەو میر و سەردارانە ناوچەكانی خۆیان لە ژێر دەستدا مایەوە و دەوڵەتی عوسمانی دەستی لە كاروباری ناوخۆی ئەم ناوچانە وەرنەدا، بۆیە ئەم زەوییانە وەكو موڵكی تایبەتی میرەكان دەمانەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا مۆركێكی دەرەبەگایەتییان پێوە دیاربوو، چونكە دەبوو لە كاتی پێویستدا میرەكان هێزی

سەربازی بدەنە دەوڵەت، كە ئەمەش بنەمایەكی سەرەكی رژێمی دەرەبەگایەتی عوسمانی بووە [5].

لەسەردەمی عوسمانیدا زەوی دەرەبەگایەتی جۆراوجۆر بوو، لەوانە (تیمار) كە بەخشینی زەوییە بۆ كەسێك لە بەرامبەر خزمەتێك یان ئەركێك كە بۆ دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامی بدات. تیمار بچووكترین جۆرەكانی زەوی بووە و داهاتی ساڵانەی لە نێوان(2000 یان 3000 و 19,999) ئاقچە [6] بوو، ئەقتاع لێرەدا بە خاوەنبوون نییە، بەڵكو بەخشینی مافی وەرگرتنی ئەو رەسم و باجانەیە كە دەوڵەت بۆی دیاریدەكردن و لە جووتیارەكان وەردەگیرا. هەروەها تیمار بە سەر لەبەری شێوازی زەوی و زاری سەربازی عوسمانییش دەڵێن، ئەویش دوو جۆری دیكەی زەوی و زارە، یەكەمیان پێ دەڵێن (زعامت=زەعامەت)، كە لە وشەی(الزعامة)ی عەرەبییەوە هاتووە و داهاتی ساڵانەی لە نێوان(20،000تا 99،999) ئاقچە بوو. دووەمیشیان پێیی دەگوترا (خاصة= تایبەت) كە داهاتی ساڵانەی لە (100،000) ئاقچە زیاتربێت [7].

میر و دەسەڵاتدارانی میرنشین و قەوارە كوردییەكان وەكو دەرەبەگی ئاسایی نەبوون، چونكە موڵكەكانیان بە میرات بۆ نەوەكانیان دەگوازرایەوە و بەپێی ڕێورەسمی خۆیان باج و ئەركەكانی دیكەیان لە ژێر دەستیان وەردەگرت نە بە گوێرەی یاسا و رێسای عوسمانی. زەویەكانیان لە دەفتەری تاپۆی عوسمانیدا تۆمار نەدەكران، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا لە سەر میرەكان پێویست بوو ساڵانە بڕە پارەیەكی دیاریكراو بدەنە دەوڵەتی عوسمانی. لە دوای میرەكان سەرۆك هوزەكان دەهاتن، بە تایبەتی ئەوانەی پلەی (بەگ)یان هەبووە و خاوەنداری گەورەی زەوی بوون و هەزاران دۆنمیان لە ژێر دەستدا بوو، زۆربەی رۆڵەكانی هۆزەكەشی وەرزێری ئەوان بوون، ئەمانە نمونەی دەرەبەگ بوون لە ژێر پەردەی هۆزایەتی، ئەم سەرۆك هۆزانە سوودیان لە لاوازی دەوڵەت دەبینی كە نەیدەتوانی دەسەڵاتی بە سەر ناوچەكانی ئەم هۆزانە بسەپێنێت، بۆیە بڕە پارەیەكی دیاریكراویان دەدا بە دەوڵەت خۆیان باجەكانیان لە ناوچەكانی خۆیان كودەكردەوە، تا وایلێهات خۆیان بە خاوەنی ئەم زەویانە دەدانا، واتە سوودیان لە شێوازی پابەندبوون(التزام) دەبینی لە كۆكردنەوەی باج و پیتاكدا [8].

پابەندبوون ئەو سیستەمەیە، كە دەوڵەت كەسێكی دەوڵەمەندی دەست رۆیشتووی پابەند دەكرد ئەو باج و سەرانە تایبەتەی لە سەر زەوی كشتوكاڵی بوو كە دەبوو جوتیاران لە گوندێك یان زیاتر لە ماوەیەكی دیاریكراودا بیدەن، كۆبكاتەوە. سیستەمی پابەندبوون لە كاتی جێبەجێكردندا تووشی بێ سەروبەری و تێكچوون بوو، زیانەكانی لە ژیانی ئەو جووتیارەدا رەنگی دایەوە كە چ لەلایەن كەسی پابەندەوە، چ لەلایەن هاوكارەكانیانەوە، لە ڕادەبەدەر زوڵم و ستەمی لێدەكرا، دەرەبەگ و پابەندەكان حیسابیان بۆ دەوڵەت نەدەكرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە دەوڵەت چەندین بڕیار لەدژی پابەندەكان(ملتزم) دەربكات، بەڵام سوودیان نەبوو، تا ئەوەی لەساڵی(1839ز) بەپێی (خەتی شەریف گولخانە) [9] هەڵوەشێنرایەوە [10].

دەسەڵاتی عوسمانی لە دەسپێكی حوكمڕانی سوڵتان عبدولمەجید(1839-1861ز)ەوە پەنای بۆ كۆمەڵە هەنگاوێك برد، سەرەتا لە ساڵی (1843ز) دەستكرا بە كێوماڵێكی بەربڵاوی گوندەكان، پاشان لە زۆربەی ویلایەتەكان بە ئامانجی دەست خستنە سەر پێداویستییەكانی وڵات ئەنجام درا، دوای ئەوە دەستپێشخەرییەكان زۆربوون، لەوانە دامەزراندنی وەزارەتی كشتوكاڵ لەساڵی(1846ز)، دامەزراندنی قوتابخانەیەك بۆ فێركردنی كشتوكاڵی لە ناوچەكانی دەوروبەری ئەستەمبوڵ لە ساڵی (1847ز)دا [11]. هەروەها لە ساڵی(1856ز)یشدا دەوڵەتی عوسمانی كۆمەڵێك یاسای دەركرد، كە لە نێویاندا یاسای زەوی و زار هەبوو، لەم یاسایەدا بنیاتێكی جێگیردانرا بۆ كێشەی مامەڵەكردن بە زەوی و زار كە بەهۆیەوە دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەر زەوییەكاندا كێشا تا رادەیەكیش سنوورێك بۆ دەرەبەگەكان دانرا [12].

لەرێكەوتی(27ی نیسانی 1858ز) یاسای خاوەنداریەتی زەوی لە دەوڵەتی عوسمانی دەرچوو، بەپێی ئەم یاسایە زەوی لە دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ پێنج جۆر دابەش كرا [13]، بەڵام ئەم یاسایە لە عێراقدا تا ساڵی(1870ز) جێ بە جێ نەكرا، تەنانەت لە هەندێك ناوچەكانی

باشووری عێراق تا ساڵی(1880-1882ز) جێ بە جێ نەكرابوو [14]. ئەم پێنج جۆرە زەوی و زارە بریتی بوون لەوانە: زەوییەكانی میری(الأراضي الأميرية)، زەوییەكانی موڵك(الأراضي المملوكة )، زەوییەكانی وەقف( الأراضي الموقوفة)، زەوییە جێهێڵراوەكان(الأراضي المتروكة ) و زەوی مردوو(موات) [15].

لە ساڵی(1859ز) یاسای (تاپۆ) دەرچوو وەك هۆكارێك بۆ جێ بەجێ كردنی یاسای زەوی و زار و تۆماركردنی زەوی و پێدانی بەڵگەنامە و چەكی فەرمی بە خاوەن زەوییەكان، هەروەها لەساڵی(1861ز)دا سوڵتان عەبدولعەزیز(1861-1876ز) دووپاتی لە سەر چاكسازییەكان كردەوە. لە ساڵی(1872ز)یشدا بە شێوەیەكی كۆتایی یاسای زەوی و زار لە دەوڵەتی عوسمانی دەرچوو، كە لە(132)ماددە و پێشەكیەك و كۆتاییەك پێك دەهات و جارێكی دیكە زەوی لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ پێنج جۆر دابەش كرا، وەكو پێشتر ئاماژەمان پێ كردبوو، بەڵام ئەم جارە بە شێوەیەكی وردتر بوو [16]. لەسەردەمی والییەتی مەدحەت پاشا( 1869-1872ز) لە عێراق، بۆ ئەوەی هۆزەكانی عێراق دەستەمۆ بكات، پێشنیاری كرد كە زەوی و زاری میری بە شێوەی موڵكاندن(التملك=تاپۆ) بدرێت بەوهۆزانە، بابی عالیش دەستخۆشیی لەم پێشنیارە كرد و ئیرادەی سوڵتانیی لەو بارەیەوە بۆ دەرچوو[17]. تا سەردەمی ئینتیدابی بەریتانی، زەویداری لە عێراق لە بنەڕەتدا بە پێی یاسای زەویی عوسمانی ساڵی(1858ز) و یاسای تۆماركردنی زەوی تاپۆی ساڵی(1859ز) رێكدەخرا، ئەم دوو یاسایە رۆژ لەدوای رۆژ بەفەرمانی فەرمی دەوڵەت و ئیرادەی سوڵتانیی گۆڕانكارییان تێدا دەكرا [18].

## دووەم/ جۆرەكانی زەوی لە ناوچەی ئاكرێ

### 1- زەوییەكانی میری(الأراضي الأميرية):

ئەو زەوییانەی موڵكی كەسێكی دیاریكراو نەبوون لە دەوڵەتی عوسمانی بە زەوی دەوڵەت دادەنران و پێیان دەگوترا(زەوی میری)، زۆرجار پارچەیەك لەم زەوییە بە هەندێ مەرجی دیاریكراو دەدرایە كەسێك تا سوودی لێ ببینێ، یان پارچەیەك لەم زەوییە بۆ یەكێ لە هۆزەكان تەرخان دەكرا، لەم رێگەیەوە هۆزەكە نیشتەجێ دەكرا. لەهەمان كاتیشدا دەوڵەت سوودی لە داهاتی زەوییەكە دەبینی[19] و بەو پێیەی داهاتی ئەم زەویانە بۆ گەنجینەی دەوڵەت دەگەڕایەوە، هەروەها ئەم زەویانە بە رەزامەندی دەوڵەت دەگوازرانەوە و بە رەزامەندی دەوڵەتیش رادەستی یەكێكی دیكە دەكران، بەمەش كەسەكە دەبووە خاوەنی بەڵگەنامەیەكی(خاقانی) كە بەڵگەنامەیەكی تاپۆیی بوو [20].

ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵی ساڵی 1912ز ئاماژەی داوە بە بوونی بەڕێوەبەرایەتییەكی تایبەت بە زەوی میری لە ولایەتی مووسڵدا بە ناوی كارگێڕی موڵكەكانی میری(املاك اميريه ادارەسی)، كە بەڕێوبەرەكەیان (ئیبراهیم سەبری پاشا) بووە، هەروەها لەگەڵ بوونی چەندین فەرمانبەری دیكە لەو بەڕێوبەرایەتییە، وەكو: نووسەر، ژمێریار، كاتبی تەحریرات و چەندانی دیكە، بەڵام كەسێكی خەڵكی قەزای ئاكرێ لەو دەزگایەدا بەناوی(عبدولعەزیز ئەفەندی) وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەری زەوییەكانی میری لە ئاكرێ كاری كردووە. لە كۆی ناوچەكانی سەر بەم ویلایەتە تاكە قەزا كە سەربە ویلایەتەكە بووە و فەرمانبەری ئەم بەڕێوەبەرایەتییەی هەبوو بێت، قەزای ئاكرێ بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت كە لە ئاكرێ زەوییەكی زۆری میری هەبووە و راستەوخۆ بە بەڕێوەبەرایەتی موڵكەكانی میری(املاك اميريه ادارەسی) گرێدرابوون [21]. لە خوارەوە دەتوانین ئاماژە بە چەند نووسراو و بەڵگەنامەیەكی عوسمانی بكەین كە ئەوەمان بۆ ئاشكرادەبێت كە ئاكرێ خاوەنی زەوێكی زۆری میری بووە لەوانە.

لەنووسراوێكی والی موسڵ بۆ بابی عالی كە لەرێكەوتی (1ی تشرینی دووەمی1861ز) نێردراوە، ئاماژە بە فرۆشتنی چەند گوندێكی بێ خاوەن دەكات لە ناوچەكانی ویلایەتی موسڵ لەوانە دوو گوند لە ئاكرێ بە ناوەكانی(خراپ شورك) بەرووبەری(600)دۆنم و گوندی (سالوكان) بەرووبەری( 700)دۆنم، كە بەهاكەیان بە(5000) قرووش خەملێنرابوو و لە مەزادێكی ئاشكرادا دەفرۆشرا، داهاتەكەشی بۆ خەزینەی دەوڵەت( میری) دەگەڕایەوە. واتە ئەم گوندانە دەكران بە موڵكی میری. لەم نووسراوەدا

والی موسڵ داوای کردووە ئەم گوندانە بفرۆشرێن و داوای لە سوڵتان کردووە کە رەزامەندی لەسەر فرۆشتنیان دەربرێت[22]، هەروەها لە نووسراوێکی دیکە لە ساڵی 1878ز دەرچووە، کە لە لایەن والی و قازی و موفتی و ژمارەیەك لە ئەندامانی ویلایەتی بەغدا مۆرکراوە، ئاماژە بە داواکردنی نیشتەجێکردنی دانیشتووان دەکەن لە هەندێك گوندی چۆڵکراوی قەزای ئاکرێ. کە دەکرێت ئەم نیشتەجێکردنە ببێتە هۆی سوود وەرگرتنی خەڵك لەو زەویانە بۆ کشتوکاڵکردن و ببێتە هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی باج و رسومات لە بەروبومە کشتوکاڵی و ئاژەڵییەکان، واتە داهاتی ئەم گوندانە بکرێت بە موڵکی میری [23].

بەپێی بەڵگەنامەیەک کە لە وەزارەتی کاروباری دارایی و لە هۆبەی(أعشار و رسومات إدارة عمومیەسی) بە (ژمارە 74) لە ساڵی 1878ز دەرچووە، ئاماژە بە کرێدانەوەی موڵکی حکومەت(میری) دەکات لە چەند شوێنێکی ویلایەتی موسڵ، لەنێویشیاندا باسی بەکرێدانەوەی دوو خانووی میری لە ئاکرێ کراوە. ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوەی کە بێجگە لە ژمارەیەك گوند و زەوی زار لە ئاکرێ کە سەر بە فەرمانگەی موڵکی میری بوون، هەروەها دەردەکەوێت کە دوکان و خانوو و میوانخانەش هەبوونە کە موڵکی میری بوونە لە ئاکرێ [24].هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا کە لە ساڵی 1909ز دەرچووە، ئاماژە بە خەرجکردنی بڕی(975) قرووش دەکرێت بۆ خاوێنکردنەوە و لێدانی جۆگە و ڕێڕەوی ئاویی بۆ ناو رەز و باخی میری لە قەزای ئاکرێ، هەر ئەم نووسراوە ئاماژە بەوە دەکات کە لەو ماوەیەدا ئاکرێ فەرمانگەی(فەرمانبەر)ی موڵکەکانی میری هەبووە، کە سەربە بەڕێوەبەرایەتی موڵکی میری موسڵ بووە [25]. لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی عوسمانیدا کە لە دە لاپەڕە پێکهاتووە لە ساڵی (1911ز) دەرچووە ئاماژە بە بەکرێدانی موڵکی میری دەکرێت لە ژمارەیەك لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ، لە وانە قەزای ئاکرێ، هەروەها داواکراوە کە ئەم موڵکانە بخرێنە مەزادەوە بۆ بەکرێدان و داوای زیاد کردنی کرێیەکەشیان کردووە لە بەرپرسانی ئەو ناوچانەی کە موڵکەکە بەکرێدەدەت [26]، لەنووسراوێکی دیکەشدا کە لە تەموزی ساڵی(1911ز) دەرچووە، ئاماژە بە داهاتی بەروبوومەکانی چاندنی زستانەی زەوییە میرییەکانی ئاکرێ دەکات کە لەمانگەکانی حوزەیران و تەموزدا کۆدەکرێنەوە و رەوانەی گەنجینەی دەوڵەت کراوە [27]. هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ زۆری ئەو زەوی و زار و موڵکانەی میری کە لە ئاکرێ هەبوون.

لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا کە لە پازدە لاپەڕە پێکهاتووە ئاماژە بە موڵکی میری دەکات لە قەزای ئاکرێ. لە لاپەڕەی یەکەمدا ئاماژە بە پشکنینی یەکەم دەکات کە لەلایەن یاریدەدەری بەڕێوەبەری موڵکی میری (عەبدولعەزیز) لەئاکرێ بۆ سەرووی خۆی بەرزکردۆتەوە، ئاماژە بەو بڕە پارەیە دەکات کە ناوبراو داوای کردووە بۆ خاوێن کردنەوە و هە ڵکۆڵینی جۆگە و ڕێڕەوی ئاودێری بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان لە هەندێك لە گوندەکانی میری لە ئاکرێ، کە ناوی(12)گوندی هێناوە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو بڕە پارەیەی بۆ کرێکارەکانی خەرجکردووە، کۆی پارەکەش دەکاتە(3355) قرووش. لەژێرەوەی نووسراوەکەشدا مۆری فەرمانبەری موڵکی میری لە ئاکرێ بەناوی(عەبدولعەزیز) هەیە، لەگەڵ نووسینی رێکەوتی نووسراوەکە لە(1909ز)، ئەو گوندانەی کە ناویان لە نووسراوەکەدا هاتووە ئەمانەن:

| ناوی گوند | بڕی پارەی خەرجکراو(بە قرووش) |
|---|---|
| قوپەك | 250 |
| مام خەلیفە | 310 |
| سمیلات | 500 |
| خەردس | 310 |
| بەهراوە | 50 |
| تورشك | 210 |

| | |
|---|---|
| لالەیی | 50 |
| شاب ئۆمەر | 75 |
| جوسماق | 500 |
| كەشكان | 600 |
| كێلە سینان | 100 |
| كافیا | 400 |
| كۆی گشتی | (3355) [28]. |

له لاپەڕەی دووەمی هەمان بەڵگەنامەدا هاتووە ئەو پشكنین و نووسراوەی یاریدەدەری موڵكەكانی میری لە ئاكرێ(عەبدولعەزیز)، كە بۆ قائیمقامیەتی قەزای ئاكرێ لە هەمان ڕۆژ لە(1909ز) بەرزكراوەتەوە، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی دەربڕێت بۆ خەرجكردنی ئەو بڕە پارە دیاریكراوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێكردووە، قایمقامیش بۆ هەمان مەبەست بەرزیكردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی قەزا، لە ئەنجومەنیش دوای ئەوەی لە سەر بڕی پارە و داواكردنی ناوی گوند و بڕی پارەی دیاریكراو وهاوپێچی مامەڵەكە بكرێت بۆ یاریدەدەری موڵكەكانی میری گەڕاندۆتەوە. دوای ئەوەی كە مامەڵەكە تەواو بووە ئەنجومەنی قەزا پەسەندی كردووە. ئەم نووسراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی موڵكی میری لە ویلایەتی موسڵ بەرزكراوەتەوە بۆ ئەوەی پەسەندی بكات و وەڵامیان بدرێتەوە. ئەنجومەنی قەزای ئاكرێ كە ئەم نووسراوەی مۆكردووە لەوانە قایمقام و قازی( ئیسماعیل) و موفتی(هەیبەتوڵلا) و بەڕێوبەری دارایی (محەمەد) و نووسەری تەحریرات(محەمەد) و ئەندامانی دیكەی ئەنجومەن، لەوانە: عبدولقادر و محەمەد عەلی و ئیلیا داوود[29].

له لاپەڕەی سێیەمی بەڵگەنامەكەدا، كە ئاماژە بە نووسراوی( بەڕێوەبەرایەتی موڵكەكانی میری) لە ولایەتی موسڵ بۆ وەزارەتی دارایی دەكات بە ژمارە(1854 گشتی) و (310 تایبەت) كە لە (19ی نیسان1912ز) دەرچووە، ڕەزامەندی دەربڕیوە لە سەر خەرجكردنی بڕی پارەی دیاریكراو و پاشان لە ڕێكەوتی (1910ز). وەزارەتی داراییش ڕەزامەندی لە سەر خەرجكردنی ئەو بڕە پارەیە داوە، هەروەها لە لاپەڕەی حەوتەمدا لە ساڵی (1910ز)، دەرچووە، ئاماژە بە پشكینی دووەم دەكرێت بۆ ژمارەیەك گوندی دیكەی میری لە ناوچەی ئاكرێ كە خەرجی هەموویان(2855) قرووش بووە و بۆ خاوێنكردنەوە و هەڵكۆڵینی جۆگەی ئاودێری ئەو گوندانە خەرجكراوە، هەروەها بۆ خاوێنكردنەوەی جۆگەكانی ئاودێری لە گوندی هەزار جووت (كە دەكەوێتە ڕۆژئاوای ئاكرێ) كە (38) ڕۆژ كاریان تێدا كردووە و بڕی (3600)قرووشی بۆ دیاریكراوە لەلایەن یاریدەدەری بەڕێوبەرایەتی موڵكەكانی میری لە ئاكرێ و ئەنجومەنی قەزای ئاكرێ لە(1912ز) مۆركراوە، پاشان بەڕێوەبەرایەتی موڵكەكانی میری لە ویلایەت مۆری لە سەر نووسراوەكە كردووە و بۆ وەزارەتی دارایی ناردووە و دوای ئەوەی كە پشكینی و وردبینی بۆ كارەكەیان كردووە، ڕەزامەندی لە سەر خەرجكردنی بڕی(6455)قرووش دەربڕیووە بۆ (گوندی هەزار جووت) لە ڕێكەوتی(1915ز) كە مۆری بەڕێوبەرایەتی گشتی موڵكەكانی میری لە سەرە، لە دوا لاپەڕەدا كە ژمارە پانزەیە، ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی عوسمانی دەكات، كە ڕەزامەندی لەسەر خەرجكردنی بڕی پارەی دیاریكراو بۆ خاوێنكردنەوەی جۆگە ئاودێرییەكانی گوندی هەزارجووت دەربڕیوە [30].

له بەڵگەنامەیەكی دیكەدا كە لە نزیكەی(30) لاپەڕە پێكدێت و ڕێكەوتی هەردوو ساڵی(1913-1914ز) لەسەرە، باس لە پاك و خاوێنكردنەوە و هەڵكۆڵینی جۆگەی ئاوی ئاودێری بۆ باغ و بێستانی ژمارەیەك لە گوندەكانی ئاكرێ كە سەربە موڵكەكانی میری بوون، دەكات، لەوانە:( خەردس، كافیا، سمیلا، كەشكان، مام خەلیفە، قوپەك، بەهراو، شاب عومەر(ڕەنگە ئۆمەر خوشانی ئێستا بێت)، لالەیی(ئالەیی)، كێلەسینان). لەم نووسراوەدا بە ووردی ڕۆژ و كرێی كرێكاران و ناوەكانیشیان لە خشتەیەكدا تۆماكراوە، هەروەها ئەم كارە بەچاودێری بەڕێوەبەرایەتی موڵكەكانی میری لە موسڵ ئەنجامدراوە، كە فەرمانبەری(یاریدەدەر)یان لە

ئاکرێ ناوی(عەبدولعەزیز)بووە. پاشان ئەم نووسراوە لەلایەن هەریەك لە یاریدەدەرانی بەڕێوەبەری موڵکەکان(عەبدولعەزیز) و قائیمقام و قازی و بەڕێوەبەری دارایی و نووسەری تەحریرات و موفتی و چوار لە ئەندامانی ئەنجومەنی قەزای ئاکرێ مۆرکراوە، هەروەها ئەم نووسراوەووردەکاری زۆری تێدایە سەبارەت بە موڵکی میری لە قەزای ئاکرێ [31].

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە لە ڕێکەوتی (1915ز) لە بەڕێوەبەرایەتی موڵکەکانی میری موسڵ بۆ وەزارەتی دارایی و پاشان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی موڵکەکانی میری لە دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە ، کە ئاماژە بە رووپێوکردن و دانانی سنوور بۆ 54 گوندی میری لە قەزایی ئاکرێ، کە بڕی ئەو پارەی کە لەم کارەدا خەرجکراوە (6000) قرووش بووە[32]، هەروەها لە نووسراوێکی دیکەشدا کە لە(1917ز) دەرچووە، ئاماژە بە فرۆشتنی دوو پارچە زەوی میری دەکرێت بە کەسێك لە ئاکرێ بە ناوی (ئیسماعیل بەگ) و لەلایەن والی موسڵ مۆرکراوە و ڕەزامەندی لەسەر فروشتنەکەی نیشانداوە [33].

لەنووسراوێکی پێنج لاپەڕەییدا کە لەفەرمانگەی( امور عمومیە مالیە هیئت تفتیشیت سی) کە لە ڕێکەوتی(1917ز) دەرچووە، ئاماژە بە لێکۆڵەری دارایی(عادل ئەفەندی) دەکات کە لە ویلایەتی موسڵەوە نێردراوە بۆ ئاکرێ، لە سەر هەبوونی گەندەڵی لەلایەن یاریدەدەری موڵکەکانی میری لە ئاکرێ(عەبدولعەزیز ئەفەندی). دوای لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەردەکەوێت کە یاریدەدەری موڵکەکانی میری لە ئاکرێ(عەبدولعەزیز ئەفەندی) بڕی(1621) قرووشی لە کەسێك بە ناوی(سۆفی سلێمان) وەرگرتووە بە مەبەستی فرۆشتنی زەوی گوندێکی میری بە ناوبراو. دواتر(عەبدولعەزیز ئەفەندی) ڕەوانەی دادگای بەرایی دەکرێت لە موسڵ، و دادگاش بڕیاردەدات لەکار لابردرێت و هیچ کارێکی فەرمانبەریی حکومی وەرنەگرێتەوە و ئەو بڕە پارەیشی کە لەسەری ساغ بۆتەوە لێی وەربگیرێتەوە[34] ، بەڵام لە نووسراوێکی دیکەدا کە لە ساڵی(1918ز) لە دەزگای شورای دەوڵەت دەرچووە، ئاماژە بە لادانی ئەو سزایانە دەکات کە دادگای بەرایی موسڵ خراونەتە سەر یاریدەدەری موڵکەکانی میری ئاکرێ هەمواری بڕیارەکەی کراوە [35]، واتا هەمواری بڕیارەکەی کراوە.

**2-زەوی خەواسی هومایۆن (الاملاك السنية) :**

لە ناوچەی ئاکرێ جۆرە زەوییەکی دیکەش هەبوو کە پێی دەگوترا زەوی خەواسی هومایۆن، ئەم جۆرە زەویانە موڵکی تایبەتی سوڵتانی عوسمانی بوو، کە داهاتی ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە دەچووە خەزێنەی تایبەتی سوڵتانەوە، هەروەها لە هەموو جورە باجێکی کە دەخرانە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان بەخشرابوون [36]، تا دوای دەسەلاتخستنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە (نیسانی 1909ز)، ئەم جۆرە زەویانە گواسترانەوە بۆ سەر موڵکی دەوڵەت و بە ناوی وەزارەتی دارایی تۆمارکران [37].

لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (1876-1909ز)دا، پرۆسەی چاندن و کشتوکاڵکردن لە بەر چەند هۆکارێك چاندن پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی، لەوانە کردنەوەی (کەناڵی سوێس 1869ز)، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نرخی هەندێك لە دەرامەتی چاندن بەرزببێتەوە و چوونی عێراق و کوردستان بۆ ناو بازاڕی جیهانی، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەروك هۆزەکان و کەسایەتی و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دەزگاکانی کە بە زۆری دەستی دانابووە سەر زۆربەی زەوییەکانی چاندن، جووتیارەکان بێ زەوی مانەوە، بەڵام ئەو جوتیارانەی کە زەوی تایبەتی بە خۆیان هەبووە، لە ترسی بە زۆر لێوەرگرتنی لەلایەن سوڵتان و سەرۆك هۆزەکانی ناچاربوون زەوییەکانی خۆیان دەکردە وەقف، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت لە دەستیاندا بمێنێتەوە. فەرمانگەی موڵکەکانی سوڵتان عەبدولحەمید کە بە فەرمانگەی موڵکی سونی دەناسرا ( کە موڵکەکانی ناوبراو لە عێراق و سوریا و فەلەستین تۆماردەکران) کە تایبەت بوو بە کڕین و بەناوکردنی ئەو زەوییانەی بەهۆی دەستدرێژی هۆزەکانەوە لەلایەن خەڵکەکەوە چۆڵکرابوون [38].

رووبەری زەوییەکانی هومایۆن (الاملاك السنية) بەردەوام لە فراوانبووندا بوو، بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتانێکی وەکو عەبدولحەمیدی دووەم، کە بە پێ گێڕانەوەی دپلۆماتکارێکی

فەرمنسی ئەو سەردەمە **"بە شێوازی دروست و نادروست موڵكێكی مەزنی بۆ خۆی پێكەوەنابوو"** [39]. موڵكەكانی سوڵتان سەر بە گەنجینەیەكی تایبەت بوون كە راستەوخۆ بە ئەوەوە گرێدرابوو، بەڕێوەبردنەكەی بە سەرپەرشتی(موشیر فەیلەق) لە بەغداوە بوو، كە زۆر بەناوبانگ بووە لەهێز و رێكخستندا، بەتایبەت كە سوڵتان عەبدولحەمید مەزنترین و زۆرترین پارچە زەوی چاندنی لە عێراق هەبووە [40]. سوڵتان عەبدولحەمید تەنیا لە ناوچەی ئاكرێ، زەوی كوشتوكاڵی(54) گوندی هەبوو، كە گوایە بە هۆی دەستدرێژی هۆزەكان چۆڵ كرابوون. [41] لە بەڵگەنامەیەكی (كۆشكی همایۆن یەڵدز) كە لە ساڵی ١٩٠٧ز دەرچووە باسی گۆڕینی موڵكداریەتی ئەم زەویيانە( خەواسی همایۆن) دەكات، بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە كە گوایە ئامانجیان جێنشینكردنی هۆزەكان و خەریككردنیانە بە كشتوكاڵكردن. لە نووسراوێكەی ویلایەتی موسڵدا دیارە كە بۆ (كوشكی یەلدزی همایۆن)ی ناردووە، تێیدا هاتووە**" لە ناوچەی دەكەوێتە قەزای ئاكرێ كە سەر بە ویلایەتی موسڵەوەیە و قەزای زێباری هەڵوەشاوە و 54 گوندی سەر بە قەزای ئاكرێ هەن و ئەوەندەی ئەوەشی كێڵگەی هەیە، خەڵكی ئەم گوندانە لە بەر دەستدرێژی هۆزەكان بڵاوبوونەتەوە و گوندەكانیان چوڵبووە، لە ئێستادا هیچ مروڤێك ئاكنجی نییە تیایدا و دانانی ئەم گوند و شوێنانە بۆ سەر موڵكەكانی هەمایۆن سوڵتانی و بۆ ئاوەدانكردنەوەیان پێویستە ئەو هۆزە گەڕۆكانەی لەو ناوچانە دەژین هەموویان لێ ئاكنجی بكرێت و بە كشتوكاڵەوە خەریك بن، ئەمەش دەبێتە ئاوەدانكردنەوەی ئەم گوندانە و ژمارەی موسڵمانەكان لە بەرامبەر مەسیحیەكان زیاتر دەبێت"** [42].

لەنووسراوێكی ویلایەتی موسڵدا بە مێژووی(1908ز)، ئاماژە بە موڵكەكانی خەواسی هەمایۆن دەكات لە چەند ناوچەیەكی ولایەتی موسڵ، لەوانە: ناوەندی قەزای موسڵ، قەزاكانی ئامیدی، شەنگال، زاخۆ، دهۆك، ئاكرێ. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لە قەزای ئاكرێ ناوی هەردوو گوندی( كوچینە و باشقال رەوەند ) هاتووە لەنێوان ئەو گوندانەی سەر بە موڵكی خەواسی هومایۆنی( الاملاك السنية) بوون، هەروەها ئاماژەش بە رووبەری زەوی ئەو گوندانە دەكات [43]. بەپێی بەڵگەنامەیەكی دیكەشدا ئاماژە بە نووسراوێكی كۆمسیۆنی موڵكەكانی هومایۆن موسڵ(موصل أملاك همايون كومسيونی) ژمارە(91)، كە بۆ خەزێنەی تایبەتی شاهانەی وەزارەتی دارایی لە رێكەوتی(1908ز) نێردراوە، باس لە خەرجی موڵكەكانی خەواسی هومایۆن لە بەشێك قەزاكانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، لەوانە (ئاكرێ، دهۆك و زاخۆ) دەكات، كە بۆ قەزای ئاكرێ (1600) قرووش بووە. ئەم خەرجیانە زیاتر بۆ مووچەی فەرمانبەرانی سەر بە دامەزراوەی(خەواسی هومایۆنی) بووە لەو ناوچانەدا، كۆی ئەو خەرجیانەی بۆ ئەم قەزایانە خەرجكراوە (500) قرووش بووە، هەروەها خەزێنەی تایبەتی شاهانەیی سەر بە وەزارەتی جەلیلیەش رەزامەندی دەربڕیووە لە سەر خەرجكردنی ئەم برە پارەی بۆ ئەم قەزایانە داواكراوە [44].

بەپێی بەڵگەنامەیەكی عوسمانی ساڵی(1908ز) دەرچووە، لە قەزای ئاكرێ هۆبەی بەڕێوەبەرایەتی موڵكەكانی خەواسی هەمایون(عقره شعبه سی)ی هەبووە، ئەوەی بە دیار دەكەوێت كە لە ناوچەی بادینان تەنها لە قەزای ئاكرێ ئەم هۆبەیە هەبووە، چونكە بە پێی هەمان بەڵگەنامە لە قەزاكانی دهۆك و زاخۆ یاریدەدەری(معاونی) ئەم بەڕەێوبەرایەتییە هەبووە. رەنگە هوكاری هەبوونی ئەو هوبەیە لە ئاكرێ بگەرێتەوە بۆ هەبوونی دەشت و زەوی و زارێكی زۆر و بەرفراوان ، هۆبەی خەواسی هومایۆنی لە ئاكرێ لەمانەی خوارەوە پێكدەهات:

| | | |
|---|---|---|
| سەروكی هۆبە | ئيبراهيم ئەفەندی | مووچەی 1200 قرووش |
| كاتب (نووسەری) هۆبە | 1 | 450 قرووش |
| سواری قولچی | 4 | 800 قرووش |
| پيادە قولچی اوطەجی | 1 | 100 قرووش [45]. |

**3-زەوييە مەوقوفەكان(وەقف):**

ئەم زەويانە دەگرێتەوە كە كراون بە ناوی مزگەوت و قوتابخانە و پياوە ئاينييەكان، هەروەها ئەو زەويانە كڕين و فرۆشتنيان لە سەر نەبووە و هەرگيز دەستاودەستيان پێ نەكراوە[46]. لە نيوەی يەكەمی سەدەی نوزدەهەمدا، وەقفی زەوی پەرەی سەند، پياوانی ئايينی موسڵمان كە زۆر دەوڵەمەند بوون، هيچ جياوازييەكيان لەگەڵ دەرەبەگەكان نەبوو، لە زۆر ناوچەی كوردستاندا زەوی وەقف بە بەراورد لەگەڵ زەوی ديكەدا، شوێنێكی زۆری دەگرتەوە، لە پاڵ ئەوەشدا پياوانی ئايينی دەسەڵاتی خۆيان بە سەر پارچە زەوی ديكەشدا كێشابوو [47].

ئەم زەويانە دوو جۆر بوون، لەوانە ئەو زەوييە كشتوكاڵيانەی كە كراونەتە وەقف بۆ ئەوەی داهاتەكەيان لە مەبەستی ئايينی و كومەلايەتی خەرج بكرێ، وەك بنياتنانی قوتابخانە و مزگەوت و لێدانی كارێز و شتی لەو بابەتە، سەرپەرشتی ئەو جۆرە زەويانە لە دەست پياوە ئايينيە گەورەكان دابوو. جۆرەكەی ديكەش ئەو زەوييە كشتوكاڵيانە بوو كە بە پياوە ئايينييەكان سپێردرابوون، بەو مەرجەی پاش مردنی خاوەن وەقف داهاتەكەيان بۆ نەوە و خێزانەكەيان بێت، لێرەدا بە مەبەست ئەوەيە كە زەويەكە نەفروشرێ و بۆ نەوە و خێزانەكەی بمێنێتەوە، يان ئەوەيە كە داهاتەكەيان بە جۆرێكی رەوا و دادپەروەرانە لە نێوانياندا دابەش بكرێت [48]. لە بەڵگەنامەيەكی دەفتەری ئەوقافدا بەمێژووی(1850ز) دەرچووە، لە يازدە لاپەڕە پێكدێت باس لە موڵكەكانی وەقفی چەند ناوچەيەكی سەر بە ويلايەتی موسڵ دەكات، لەوانە ئاكرێ، بە پێی ئەم دەفتەر ئەوقافە لە قەزای ئاكرێ رێژەيەكی زۆری موڵكی ئەوقاف هەبووە، لەوانە:

وەقفەكانی مزگەوتی گەورەی ئاكرێ، كە لە ژمارەيەك دوكان، باغ ، بێستان، خانوو، گەرماو و زەوی چەند گوندێك پێكدەهات. داهاتی ئەو ساڵەی ئەم وەقفانەی مزگەوتی گەورەی ئاكرێ گەيشتووەتە(8729) قرووش، كە بڕێكی زۆر لەو پارەيە بۆ فەرمانبەرانی قوتابخانە و مزگەوتی گەورەی ئاكرێ و نۆژەنكردنەوە و كڕينی پێداويستيەكانی مزگەوتەكە خەرجكراوە، هەروەها بڕێكی پارەكە ماوەتەوە لەلای سەرپەرشتی مزگەوتەكە پارێزراوە[49]. بەپێی هەمان دەفتەری ئەوقاف، مزگەوت و قوتابخانەی (موفتی) لە ئاكرێ خاوەنی چەندين موڵكی وەقفی وەكو: رەز، باغ، بێستان و زەوی چەند گوندێكيش بووە لەوانە گوندی (بەراك) و (دوزكێ) كە داهاتی ساڵانەكەی (2594)قرووش بووە، هەروەها(2126) قرووش خەرجكراوە بۆ مووچەی مامۆستا و فەرمانبەرانی قوتابخانە و مزگەوتی موفتی و نۆژەنكردنەوەی و كڕينی پيداويستەكانی مزگەوتەكە، هەروەها(468) قرووش لەلايەن سەرپەرشتی مزگەوتەكە ماوەتەوە و خەرجنەكراوە[50]، هەروەها لە دەفتەر ئەوقافی ساڵی(1850ز) هەريەك لە مزگەوتی حاجی توس(حاجی پيرجب) و مزگەوتی توليتان و مزگەوتی قازی و مزگەوتی عەبدال ئاغا و مزگەوتی گوندەكانی باشقال و شوش و جونا، ئەمانە خاوەنی چەندين موڵكی وەقفی وەكو: دوكان، خانوو، باغ، بێستان بوون. هەندێكيشيان چەندين زەوی گوندەكانی ناوچەكە يان بۆ وەقف كرابوو، داهاتەكەشيان بۆ خەرجی و پێداويستی و مووچەی فەرمانبەرانی ئەم مزگەوتانە تەرخان كراوە [51].

**4-زەوييە خاوەندارييەكان( الأراضي المملوكة) :**

ئەم جۆرە زەويانە لەلايەن تاكەكانەوە خاوەنداريەتی تەواوی كراوە، ياسای زەوی و زاريش سنوورێكی بۆ ئەو رووبەرە زەويە داناوە كە كەسێك دەتوانێت خاوەنداريەتی بكات [52]. خاوەنی زەوييەكە بە هەموو شێوەيەك دەيتوانی رەفتار بكات و هەموو مافێكی بە سەر زەويەكەوە هەبووە، كە دەيتوانی بيفروشێت يان بە گرێبەست بيدات، يان بۆ كاری خێرخوازی بەكاری بهێنێت، لە دوای خۆشی بە پشتاو پشتی بۆ ماڵ و منالەكەی دەمايەوە و بۆ خەزێنەی دەوڵەت

نەدەگەڕايەوە، مەگەر كەسێك خێزانەكەی نەمابێت ئەگەر چەند دووریش بێت لە رووی خێزاندارییەوە، هەربۆی دەمايەوە [53]. ئەم زەوییە لە چوار جۆر پێكدەهات: يەكەميان ئەو گۆڕەپانانەی كە دەكەوتنە ناو گوند و شار بە مەبەستی نيشتەجێكردن. دووەميان ئەو زەويانەی كە لە زەوی ميری جوداكرابوونەوە و خاوەندارييەكی تەواويان دەكرد. سێيەميان زەوييە دەيەكييەكان(الأرض العشرية) و چوارەميشيان زەوييەكانی خەراج(الأرض الخراجية) [54].

## سێيەم/ بەروبوومە كشتوكاڵييەكان

كشتوكاڵ و چاندن لە دەوڵەتی عوسمانيدا شوێنێكی گرنگی هەبوو لە ناو ئابووری كوردستاندا، تا سەرەتای سەدەی بيستەم پيشەی سەرەكی زوربەی خەڵكی كوردستان بوو[55].كشتوكاڵ بە پێی دابەشبوونی جوگرافی دابەش ببوو، لە سەرەتادا ئەو بەرهەمانە دەهاتن كە پێويستی ژيان و خواردنی رۆژانە بوون، لەوانە : برنج، گەنم، جۆ، نيسك، نوك، ماش، كونجی، پاقلە و پياز و هی ديكە بوون. بەهەمان شێوەش سەوزەوات لە ناوچە جياجياكانی وڵات بەرهەم دەهات[56]. بەرزی و نزمی(تۆپۆگرافيا)ی كوردستان و رژێمە كۆمەڵايەتييەكان رۆڵێكی بنەڕەتييان هەبووە لە كشتوكاڵ و بەرهەمهێناندا، تا بەزۆری ئابووری خۆبژێوی يان ئابووری بەكاربردن(الاقتصاد الاستهلاكي) پەيڕەو بكەن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نەبوو كە بە هيچ شێوەيەك ئاڵوگۆڕكردن و بازرگانی سنووردار بەو بەرهەمە كشتوكاڵيانەوە نەبوبێت [57]. واتە زۆربەی ئەو بەروبومانەی پێويستيان بوو خۆيان بەرهەميان دەهێنا و زۆربەی ئەو بەروبومانەی كە بەرهەميان دەهێنا خۆيان بەكاريان دەبرد، بێگومان ئەمەش هوكارێكی كاريگەر بوو بۆ ئەوەی گەلی كورد بتوانێ پارێزگاری لە بوونی خۆی بكات، لەئەنجامی ئەمەدا جووتيارانی كوردستان هەرچەندە بەپێی سروشتی خاك و ئاوهەوا و هەروەها كات و سەردەميش زۆربەی بەروبومە كشتوكاڵيەكانيان دەچاند، بەڵام زياتر بەروبوومە خۆراكی و بژێوييەكانيان دەچاند، بە تايبەتی دانەوێڵە و پاقلەمەنی، لە سەروشياندا گەنم و جۆ كە ماددەيەكی خۆراكی سەرەكی بوو لە كوردستان و دەكرايە چەندين جۆری خۆراك لەزۆربەی ناوچەكانی كوردستاندا بەرێژەيەكی بەرچاو دەچێنران[58].

بە پێی ئەو سەرچاوە و بە ڵگەنامانەی لە بەر دەستماندايە، لە سەردەمی عوسمانيەكاندا خەڵكی ئاكرێ بە پلەی يەكەم خەريكی كاری كشتوكاڵكردن بوون. ئەگەر سەرنج بدەين لە نووسراو و زانياری ئەو گەڕيدانەی كە هاتوون بۆ ئاكرێ بۆمان بەديار دەكەوێت كە ئاكرێ نلوچەيەكی كشتوكاڵی بووە بە تايبەتی لە بواری چاندن، كە بە ناوچەيەكی پڕ لە دار و دەرەخت وەسفيان كردووە. بۆ نموونە مێژوونوسی بەريتانی ويگرام لە پەرتوكی (مهد البشرية - الحياة في شرق كردستان) لەم بارەيەوە نووسيوويەتی:**" ئاكرێ جوانی ديمەنەكەی خۆی بۆ ئەو گەشتيارە بەدەردەخات كە لەلای باشورەوە دێت، لەڕاستيدا ديمەنەكە جوانە لە هەر لايەكييەوە رووی تێبكەی...لە پشتەوەشی كومەڵێك لوتكەی قووچەكی بەرچاو دەكەون ... بەرە بەرە نزم دەبنەوە تا دەگەنە ئاستی دەشتاييەكان... بە كۆمەڵێك دۆڵ كۆتاييان پێ دێت، كە بەشی خوارەوەيان بە درێژايی جۆگەلەكانی ئاودێری و داروبدرەخت و دەوەن داپۆشيوە"** [59].

بەهۆی بوونی ژمارەيەكی زۆر لە جۆگە و كانی و هەبوونی زەوی بە پيت لە ناوچەكەدا، وايان كردووە شارەكە خاوەنی ميوە و دار و درەخت و بەرهەمی جۆراو جۆر بێت، بە تايبەتی بەرهەمەكانی وەكو: گوێز، فستق، سەوزە، ميوەی وەكو هەنجير، تووتن، پەمپۆ، گشت جۆرەكانی دانەوێڵە و برنج [60]. هەروەك گەڕيدەی دانيماركی(كارستن نيبۆر) كە لە سەدەی هەژدە سەردانی عێراق و ناوچەی ئاكرێ كردووە، لە باسی برنجی ئاكرێدا دەڵێ: **"ئاكرێ بە برنج بەناوبانگە، كە لە ناوچەكانی دەوروبەری دەچێنرێت"** [61]. هەروەها هەر سەبارەت بە ناوبانگی برنجی ئاكرێ، لە گۆڤاری( لغة العرب) لە بەشی دەيەمدا كە لە (نيسانی 1912ز) دەرچووە ئاماژە بە بەناوبانگيی برنجی ئاكرێ دەكات لە هەموو عێراقدا [62]. ئەمەش ئاماژەيەكە بۆ بەپيت و بەرەكەتيی خاكی ئاكرێ بۆ گشت بەروبوومە

كشتوكاڵییەكان لەوانە كە لە هەموویان زیاتر دەچێنرێت برنج بووە لە ئاكرێ كە بە هەبوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر لە ناوچەكەدا ناوی دەركردووە، چاندنی باشترین جۆری برنج لە كۆنەوە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

هەروەها لە ئاكرێ چەندین بەروبوومی دیكەی كشتوكاڵی دەچێنران، لەوانە میوە و سەوزە، لە میوە هەرە بەناوبانگەكانی كە لە ناوچەی ئاكرێ دەچێنرا هەنار بوو، هەروەك مێژوونووس و وڵاتناسەكان باسیان لە ناوبانگی هەناری ئاكرێ كردووە بە تایبەتی(هەناری شوش) [63]، كە تا ئەمڕۆش هەنار لە ناوچەكانی ئاكرێ دەچێنرێت و ناوبانگی خۆی پاراستووە لە كوردستاندا· ئەمانە و لە ئاكرێ و ناوچەی دیكەی بادیناندا چەند بەروبوومێكی دیكەی كشتوكاڵی دەچێنران، لەوانە: گەنمەشامی، پەمۆ، نیسك، نۆك، هەرزن و دووجۆر ماش و كونجی، هەروەها كوردستان دەوڵەمەند بووە بە بەرووبوومی دارستان و ڕەزوباخی سەوزە و میوە، لە وانە لە ناوچەكانی بادینان( ئاكرێ) ڕێژەیەكی زۆر باوی، گوێز، سماق و بەڕوو بەرهەم دەهێنران، هەروەها بە هەنار، هەنجیر، خۆخ، هەڵووژە، زەردەلوو و زەیتوون دەوڵەمەند بووە ، بۆیە بە بڕێكی زۆری لەو بەروبوومەی بۆ ناوچەكانی دیكە، بە تایبەتی بۆ موسڵ، دەنارد [64]. سە بارەت بە بەروبوومەكانی دارستان لە ناوچەی ئاكرێ، بە تایبەتی لە ناحیەی زێبار(كە ناوچەیەكی شاخاوی بووە) زۆر دەوڵەمەند بوو بە بەرووبوومە سروشتییەكان، بە تایبەتی بەروبوومەكانی وەكو: كەنگر، بەڕوو، سماق ، كە ناوبانگی دەركردبوو لە ناوچەكەدا [65].

لە ساڵانی جەنگی یەكەمی جیهانیدا(50%)ی زەوییە كشتوكاڵییەكانی كوردستان كە پێشتر تۆ دەكران(دەچێنران)، پشگوێ خران، ئەمەش بووە هۆی دادەبینی داهاتەكانی كشتوكاڵ لە ناوچە كوردییەكاندا [66]. لە ساڵانی جەنگی یەكەمی جیهانیدا دەوڵەتی عوسمانی دەستی كرد بە سەربازیكردنی خەڵك بە زۆرە ملێ، بە تایبەتی گەنجان، ئەمەش كاریگەری كردە سەر داهاتی كشتوكاڵی و رووی لە كەمی كرد. ئەمەش لە بەرئەوەی گەنجێكی زۆری خەڵكی ئاكرێ و گوندەكانی دەوروبەری، كە زۆربەیان خەریكی كشتوكاڵكردن بوون، ببوونە سەرباز، زەوییەكان بێ جووتیار مانەوە و كاریگەری نەرێنی كردە سەر بەرهەم هێنانی بەروبوومەكانی كشتوكاڵی لە ئاكرێ [67].

## چوارەم/ بانكی كشتوكاڵی لە ئاكرێ

ئەم جۆرە بانكە كشتوكاڵییانە لە گرنگترین بانكەكانی ناوخۆی وڵات بوون لە سەدەی نۆزدەدا. بیرۆكەی دامەزراندنی بۆ ساڵی(1883ز)دەگەڕێتەوە، بەڵام تاكو ساڵی(1887ز) ئینجا جێبەجێ كرا. ئەم بانكانە پشتگیرییان لە پێشكەوتنی كاروباری كشتوكاڵی دەكرد، بە پێشكەشكردنی قەرز بە سوودێكی ڕەمزی بۆ جووتیاران. لقەكانی ئەم بانكە لە زۆر شوێنی دەوڵەتی عوسمانی كرابوونەوە كە دەگەیشتنە زیاتر لە(400) لق. ئەم بانكانە لە دامەزراوە هەرە مەزنەكانی دارایی بوون لە چاو ئەوانی دیكە. هەرچەندە ئەم بانكانە نەیانتوانیوە هەموو پێداویستییەكانی جووتیاران دابین بكەن، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندنیان بەشێكی گرنگی هەوڵەكانی دەوڵەتی عوسمانی بووە بۆ پشگیری پێشكەوتنی ئابووری لە وڵاتدا [68].

ئەم جۆرە بانكانە لە ناوچەی بادیناندا تەنها لە ئاكرێ و دهۆك هەبوون، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت كە ئاكرێ ناوچەیەكی كشتوكاڵی گرنگ بووە و لەلایەن بەرپرسانی عوسمانییەوە گرنگی پێدراوە، تەنانەت سوڵتانی عوسمانی لە بەر بەپیت و بەرەكەتیی خاكی ناوچەی ئاكرێ، زیاتر لە(50)گوندی لە سەر ناوی خۆی تاپۆكردبوو. بەپێی ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی ساڵی(1310ك/1892ز)، لە دوو شوێندا ئاماژە بە هەبوونی بانكی كشتوكاڵی لە ئاكرێ دەكات، لە هەردوو شوێنەكەدا بە هەمان شێوە ناوەكانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم بانكە هاتووە، كە لەمانە پێكهاتبوون :

| | |
|---|---|
| تەیب تاهر ئەفەندی | سەرۆك |
| یاسین سری ئەفەندی | نووسەر |
| یوونس محموود ئاغا | ئەندام |
| نەعمان ئاغا | ئەندام |
| حاجی ئەمین چەلەبی | ئەندام |
| مەلا جوبرائیل ئاغا | ئەندام |
| عەبدولكەریم ئاغا | ئەندام [69]. |

هەرچەندە لەساڵنامەی ویلایەتی موسڵی ساڵی(1894ز) ئاماژە بە دەستەی بەڕێوەبردنی ئەم بانكە لە ئاكرێ نەكراوە، بەڵام ئاماژە بە كەسێك دەكات وەك بەڕێوەبەری بانكی كشتوكاڵی لە ئاكرێ بە ناوی باج وەرگر(تحصیلدار) (یاسین سری ئەفەندی)، هەروەها لە شوێنێكی دیكەی هەمان ساڵنامەكەدا ئاماژە بە كەسێكی دیكە كراوە كە لە هۆبەی قەڵەمی (شعبە قلمي) بانكی كشتوكاڵی لە ناوەندی ویلایەتی موسڵ كاری كردووە بە ناوی(محیەدین ئەفەندی) كە باج وەرگر(تحصیلدار)ی ئاكرێ بووە لە بەڕێوەبردنی بانكی كشتتوكاڵی ویلایەتی موسڵ لە ناو ناوەندی ویلایەتدا [70].

**ئەنجام**

- لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ئاكرێ پێگەیەكی گرنگی كشتوكاڵی هەبووە، هەروەك لە كوتاییەكانی سەدەی نوزدەدا زیاتر لە(٥٠) گوند لە ئاكرێ كراون بە موڵكی میری(سوڵتانی)، ئەمەش گرنگی ناوچەی ئاكرێ دەردەخات لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و خودی سوڵتانەوە.
- لە بەر ئەوە ئاكرێ خاوەن كەش و هەوا و سروشتێكی گونجاو بووە بۆ كشتوكاڵكردن، زۆرینەی زەوی و زارەكانی ناوچەی ئاكرێ لە لایەن میری و ئاغا و دەرەبەگەكانەوە بەڕێوەدەبردران، جووتیار خاوەنی كەمترین زەوی و زار بووە لە ناوچەكەدا.
- ئاكرێ بەچەندین بەروبوومی كشتوكاڵی بەناوبانگ بووە، لەوانە هەندێكیان ناوبانگیان دەركردبوو لە سەر ئاستی ناوچەكە و تەنانەت دەرەوەش، وەكو، برنج و هەنار و سماق.
- هەبوونی بانكی كشتوكاڵی لە ئاكرێ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە بۆ بەپیت و بەرەكەتی زەوی و زارە كشتوكاڵییەكان لە ناوچەكە، ئەم جۆرە بانكە تەنها لە ناوچە گرنگە كشتوكاڵییەكانی دەوڵەتی عوسمانی دادەمەزران.

**سەرچاوە و پەراوێزەكان**

(1)كشتوكاڵ لە كوردستان مێژوویەكی زور دێرینی هەیە و بەڵگەی ئەوەی دوزینەوە شوێنەوارییەكان ئەوەیان سەلماندووە لە گوندی(چەرمۆ)، كە دەكەوێتە یازدە كیلۆمەتر لە روژهەڵاتی چەمچەماڵ، مێژووەكەی بۆ هەزارەی حەفتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، كۆنترین كومەڵگەی كشتوكاڵی لە جیهاندا پێكهێناوە. بێ گومان كشتوكاڵیش كە سەرچاوەی سەرەكی بژێوی مرۆڤە، بەندە بە هەندێ هۆكاری بنەڕەتی، بە تایبەتی ئاوهەوا، بەرزی و نزمی و خاك، بەبێ ئەوانە كشتوكاڵ نایەتە بوون. كوردستانیش لە سۆنگەی ئەوەی كە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەكانی ئاو و سروشتێكی لە بار و خاكێكی بە پیتی هەیە، لە زۆربەی قوناغەكانی مێژووی خۆیدا وڵاتێكی كشتوكاڵی بووە، هەربۆیە بە درێژایی سەردەمی عوسمانیش كشتوكاڵ بڕبڕەی پشتی ئابووری كوردستانی پێك دەهێنا و لە زۆربەی ناوچەكاندا ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتووان بژێوی ژیانیان لە كشتوكاڵكردندا بەدەست دەهێنا. هەروەها كەش و هەوا و بەپیتی خاكی كوردستان یارمەتیدەرە بۆ چاندنی بەروبوومی كشتوكاڵی جۆراو جۆر. سەعدی عوسمان هەروتی، كشتوكاڵ و بەروبومەكانی لە كوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە 22، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،2012، ل ل 303-304.

(2)عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، كوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی سێیەم ، چاپخانەی روژهەلات، هەولێر، 2004، ل 13.

(3)گۆران ئیبراهیم ساڵەح، كەركوك لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل 162.

(4)ئیناس سەعدی عەبدوڵڵا، مێژووی نوێی عێراق 1258-1918، و:مەحمود هۆمەر باوزی ، چاپی یەكەم ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە ، هەولێر ، 2021، ل ل 529-530.

(5)سەعدی عوسمان هەروتی ، كشتوكال و بەروبومەكانی... ، ل ل 205-206.

(6)ئاقچە: دراوێكی زیوی بوو، هەروەها تەنها یەكەیەكی پێوانەی بوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا تا نیوەی یەكەمی سەدەی حەڤدەی زایینو ناونرابوو بە ئاقچەی عوسمانی یان عوسمانی یان تەنها ئاقچە، و بۆ یەكەمجار لەساڵی(729ك/ 1328-1329ز) لە سەردەمی سوڵتان ئورخان دەرچووێنرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خليل علي مراد، العراق في العهد العثماني الثاني – دراسة في الإدارة العثمانية والحياة الإقتصادية 1638-1750م، الطبعة الأولى، بيروت، 2018, ص ٣٠٨.

(7)صلاح الدين الناهي، مقدمة في الاقطاع و نظام الاراضي في العراق ، مطبعة دار المعرفة ، بغداد ،1955 ، ص ص 15-16؛ خەلیل علی مراد، دەفتەری تەحریری موفەسەل و ئیجمالی ویلایەتی ئەربیل

(هەولێر) 949ك/ 1542ز، و: ئازاد عوبێد ساڵح ، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، 2021، ل 33.

(8)سەعدی عوسمان هەرووتی ، كشتوكاڵ و بەروبومەكانی ..، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل 306-307.

(9)خەتی شەریفی گوڵخانە: كومەڵە یاسایەكی چاكسازی بوون كە لە لایەن سولتانی عوسمانی عەبدولمەجیدی یەكەم لە ساڵی ١٨٣٩ز دەركران ، كە ئەم چاكسازیانە بوارەكانی كارگێڕی و سەربازی و ئابووری و روشنبیری و هتد ... دەگرتەوە، ئەم هەوڵە چاكسازیانە لە ئەنجامی ئەو فشارانە بوون كە دەوڵەتانی ئەوروپی دەیانخستە سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ چاكسازی كردن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تیسیر جبارە، تاريخ الدولة العثمانية(1280-1924م)، الناشر:عمادة البحث العلمي والدراسات العليا، رام الله، 2015، ص204.

(10)محەمەد سوهەیل تەقوش، عوسمانییەكان لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا كودەتا بە سەر خەلافەتدا، و: نەریمان خوشناو و موستەفا سەید مینە ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی روژهەڵات ، هەولێر ، 2009 ، ل ل 684-687.

(11)پۆل دۆمون، سەردەمی تەنزیمات 1839-1878، و: نەجاتی عەبدوڵلا ، چاپی یەكەم،چاپخانە و بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر ، 2008، ل 76.

(12)عبدالعظيم عباس نصار، الاراضي الأميرية العراقية في وثائق العثمانية ، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الإنسانية ، مجلد 4 ، العدد 6-7، كوفة ، 2010 و ص 138.

(13)محمود راجع ابو الوفاء، ملكية الأراضي في قضاء جنين 1858-1918م، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا ، نابلس ، 2013 ، ص 56 ؛ عماد احمد الجواهري تاريخ مشكلة الأراضى في العراق / دراسة في التطورات العامة 1914 -1932 ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1978، ص 28.

(14)سعيد عبود السامرائي، مقدمة في التاريخ الاقتصاد العراقي، الطبعة الاولى، النجف، 1973، ص 37 ؛ محمد سلمان حسن، التطور الاقتصادي في العراق التجارة الخارجية و التطور الاقتصادي 1864-1958، الجزء الأول، المكتبة العصرية للطباعة و النشر، بيروت، دون سنة الطبع، ص ص 186-187.

(15)خالد عبدالقادر الجندي، قانون الأراضي في الدولة العثمانية / الالتزام في طرابلس الشام (أنموذجا)، أنقرة، 2021، ص 30 ؛ حازم مجيد أحمد، الصراع و التمرد العشائري و أثره على الأقتصاد العراقي 1850– 1914، مجلة سر من رأى، المجلد 4، العدد 12، تشرين الثانى، 2008، ص 9.

(16)محمد جرادات، أثر القوانين العثمانية على الزراعة في بلاد الشام 1826-1918، مجلة جامعة الإسراء للعلوم الإنسانية، المجلد و العدد الاول، 2016، ص ص 215-216.

(17)حەننا بەتاتو، سەرۆك هۆز و جووتیار لە عێراقدا 1917-1985، و: سدیق ساڵح، تاران، 2021، ل 15.

(18)مینتیشا شڤیلی، كورد ( كورتەی پێوەندی كومەڵایەتی – ئابووریی ، رۆشنبیری و گوزەران ) ، و: عیزەدین مستەفا رەسووڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2008 ، ل 185.

(19)سەعدی عوسمان هەروتی، كشتوكاڵ و بەرەبوومەكانی ...، سەرچاوەی پێشوو، ل 30

(20)عماد أحمد الجواهري، المصدر السابق ، ص 29.

(21)سالنامه ولايت موصل، سنة 1330ه ، ص ص 111 -191 .

(22)MVL- D.no.760- G.no.(1-2) .. 16-(1-2).- (Meclis-i Vala)

(23)SD- D.no.2150 G.no..37-(1-2).

(24)ML-EEM- D.no.123- G.no.73-001-001.

(25)ML-EEM- D.no.835- G.no.7-(1-2).

(26)ML –EEM- D.no.1043- G.no.4-(1-10).

(27)ML-EEM - D.no.1004- G.no.7-001-001.

(28)ML-EEM- D.no.975- G.no.25-001-001.

(29)ML-EEM- D.no.975- G.no.25-002-001.

(30)ML-EEM- D.no.975- G.no.25-(1-15).

(31)ML-EEM- D.no.1087- G.no.1-(1-21).

(32)ML-EEM- D.no.1165- G.no.22-(1-4).

(33)DH-EUM-MH- D.no.257- G.no.11-001-001. (Dahiliye)

(34)ML-EEM- D.no.1263- G.no.20-(1-5).

(35)SD- D.no.485- G.no.11-(1-3).

(36)غانم محمد علي، النظام المالي العثماني في العراق 1255 -1333ه /1839-1914م، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة الموصل، كلية الاداب، 1989م، ص 71 .

(37)مجموعة من المؤلفين، أربيل – دراسة تاريخية، بإ شراف : محسن محمد حسين، الطبعة الاولى، مطبعة أراس، أربيل، 2012، ص 118 .

(38)عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، ئەرد و گوندێن چاندنێ یێن سوڵتان عەبدولحەمیدی ل ئاكرێ ، و: دەستەكا

ئینسكلۆ پارێزگەها دهوكێ ، ئینسكلۆپیدیا پارێزگەها دهوكێ ، بەرگێ سیێ ، ئەستەمبول ، 2017 ، ل 186.

[39]سەعدی عوسمان هەروتی، كشتوكال و بەروبومەكانی ...، ل 308 .

[40]عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، ئەردو گوندێن چاندنێ یێن سولتان عەبدولحەمیدی ....، ل 187.

[41]سەعدی عوسمان هەروتی، كشتوكال و بەروبومەكانی ...، سەرچاوەی پیشوو، ل 309 .

[42]عەبدولفەتاح علی بوتانی، ئەرد و گوندێن چاندنێ ...، ل 188.

[43]ML –EEM- D.no.772- G.no.4(1-21).

[44]ML-EEM- D.no.692- G.no.7-(1-6).

[45]ML –EEM - D.no.692- G.no.7-002.

[46]عبدالرحمن قاسملو، كوردستان و كورد/لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی و ئابوری، و:عبداللە حسن زادە ، چاپی شەشەم ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر ، 2012 ، ل 151 .

[47]مینتیشا شڤیلی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل 179-180.

[48]عبدولرەحمان قاسملوو، سەرچاوەی پێشوو ، ل 151 .

[49]EV-d- D.no.14197- G.no.2.

[50]EV-d - D.no.14197- G.no.3.

[51]EV-d D.no. 14197- G.no. (1-11).

[52]صلاح الدين الناهي، مقدمة في الاقطاع و نظام الاراضي في العراق ، المصدر السابق ، ص 17.

[53]معاذ محمد عبدالقادر عابدين، التاريخ الاقتصادي للدولة العثمانية، المصدر السابق، ص 197.

[54]عماد أحمد الجواهري، المصدر السابق ، ص ص 28-29، حازم أحمد، المصدر السابق ، ص 9 .

[55]عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات و مباحث في تاريخ الكورد و العراق المعاصر، الطبعة الاولى، مطبعة حجي هاشم، أربيل، 2007، ص 119.

[56]ئیناس سەعدی عەبدوڵڵا، مێژووی نوێی عێراق 1258-1918، و: مەحمود هۆمەر باوزی، چاپی یەكەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، 2021، ل 532.

[57]أحمد محمد أحمد، أكراد الدولة العثمانية/ تاريخهم الاجتماعي و الاقتصادي و السياسي( 1880-1923)، مطبعة حجى هاشم، أربيل ، 2009 ، ص 209 .

[58]سەعدی عوسمان هەروتی، كشتوكاڵ و بەروبوومەكانی ....، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 325 - 326.

[59]دبليو .أي . ويگرام، مهد البشرية – الحياة في شرق كردستان، ت: جرجيس فتح الله، الطبعة الرابعة، دار ئاراس للبطاعة و النشر، أربيل، 2010، ص ص 107-108.

[60]سامان حوسێن ئەحمەد و بەختیار سەعید مەحمود، ئاكرێ ل دوای رووخانی میرنشینی بادینان لە ساڵی 1842 تا راپەرینی ساڵی 1919دژ بە ئینگلیزیەكان – لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی لە بارودۆخی ئابووری و سیاسی، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارە 6، 2015، ل 191 .

[61]رحلة نيبور إلى العراق في القرن الثامن عشر، ت: محمد حسين أمين، شركة دار الجمهورية للنشر ه الطبع، بغداد، 1965، ص 76 .

[62]مجلة لغة العرب، الجزء العاشر، مجلة شهرية أدبية علمية تاريخية ، ربيع الثاني 1330 هـ/ نيسان 1912م، ص 441.

[63]احمد بن علي القلقشندى، صبع الاعشى في صناعة الإنشا، الجزء الرابع، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت ، 1987، ص 329 ؛ ياقوت الحمودي، معجم البلدان، المجلد الثالث، الطبعة الاولى، دار الصادر للطباعة و النشر، بيروت، 1993، ص 372.

[64]سەعدی عوسمان هەروتی، كشتوكاڵ وبەروبوومەكانی ...، ل ل 326 -331.

[65]سالنامه ولايت موصل، سنة 1330 ه، ص 194.

[66]كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت: محمد عبدالكريم، الطبعة الثانية، دار الثقافة و النشر الكردية ، بغداد، 2011، ص 229.

[67]حیكمەت مەلا یاسین ئاكرەیی، ئاكرێ دروپەلێن دیروكی دا، چاپا ئێكێ، چاپخانا خانی، دهوك، 2012، ل 227.

[68]كاميران عبدالصمد الدوسكي ، بهدينان في عهد العثماني ، المصدر السابق ، ص 347.

[69]سالنامه ولايت موصل، سنة 1310ﻫ ، ص ص 82 - 167،

[70]سالنامه ولایەت موصل، سنه 1312ﻫ، ص ص 133 -147.

## الحياة الزراعية و الأراضي في عقرة خلال العهد العثماني 1842-1918م

**الخلاصة**

**تركزت معظم الأبحاث المكتوبة حول منطقة عقرة على الجوانب السياسية والإدارية والعسكرية ، بينما تم إهمال مجالات الحياة المهمة الأخرى ، وخاصة الجوانب الاقتصادية ، بما في ذلك الزراعة والأراضي ، والتي ترتبط ارتباطًا مباشرًا بحياة الإنسان. لقد حظيت باهتمام أقل، وقد شكلت تلك الاهمية دافعا للباحث في اختيار الموضوع، فضلا عن الحاجة الماسة لدراسة ووصف مختلف الجوانب الاقتصادية في مدينة العقرة خلال العهد العثماني، وهدفي الرئيسي هو تقديم ووصف جانب من جوانب الحياة الاقتصادية في عقرة، في فترة تاريخية هي الفترة العثمانية (1842-1918).**

**يتألف البحث من مقدمة وثلاثة محاور ، سلط المحور الاول الضوء بإيجازعلى نشأة الزراعة في كوردستان ثم يناقش وضع الزراعة في عهد الدولة العثمانية ثم يناقش النظام الإقطاعي وملكية الأراضي ، وناقش المحور الثاني انواع الأراضي المفتوحة. في عقرة في العهد العثماني ، اما المحور الثالث فقد تناول أهم المحاصيل الزراعية المزروعة في عقرة ثم نتحدث عن وجود بنك زراعي في عقرة في العهد العثماني.**

***الكلمات الدالة:*** الاقتصاد ، الزراعة ، الأرض ، عقرة ، الدولة العثمانية

## THE SITUATION OF AGRICULTURE AND LAND IN AKRE IN THE ERA OF THE OTTOMAN EMPIRE 1842-1918

SHIVAN ISLAM ALI and KAMARAN MUHAMMED HAJI
Dept. of History, College of Arts, Univerity of Salahaddin, Kurditan Region-Iraq

**ABSTRACT**

**Most of the researches that were written about the Akre region focused on the political, administrative and military aspects, while other important aspects of life, especially the economic aspects, including agriculture and land, which are directly related to human life, have been neglected. Economic aspect of that time has received less attention; therefore, this research has been written on this subject. The main aim of this research is to present and describe an aspect of economic life in Akre, in a historical period that is the Ottoman period 1842-1918.**

**This research consists of an introduction and three sections. The first section briefly highlights the start of agriculture in Kurdistan, then discusses the situation of agriculture during the Ottoman Empire, then discusses the feudal system and land ownership. The second section discusses the types of open lands in Akre in the Ottoman era. The third section focuses on the agricultural crops grown in Akre, then it talks about the existence of an agricultural bank in Akre during the Ottoman era.**

***KEYWORDS:*** economy, agriculture, land, Akre, Ottoman Empire